# شاخەوان شۆڕش ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی چاک بۆ کوردستان راپۆرت

Posted: 30/10/2006 - 10:15

http://www.kurdistanreport.com/news/index.php?id=946



## ڕێکخراوی چاک بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵی داوە تاکو بتوانێ دادگاییەکە بە قازانجی قوربانیان و گەلی کورد بشکێنێتەوە

ئامادەکردنی: ڤینۆس فایەق

هەر لەو رۆژەی دادگایی کردنی دیکتاتۆری سەردەم سەددام و ژمارەیەکی تر لەدار و دەستەکەی بە تاوانەکانی ئەنفال دەستی پێکردووە، لەو رۆژەوە لە خولیای ئەوەدام ئایا ئەم دادگاییە ئەوەبوو ئێمە خەونمان پێوە دەبینی؟ ئایا سکاڵاکارەکانی هەڵبژێردراون بۆ بەشداری کردن لە شایەتی داندا بەسن بۆ دۆزێکی وا گرنگ و تاوانێکی وا مەزنی وەکو ئەنفال؟ ئایا ئەو دادوەرەی ئیستا توانیویەتی مافی تەواو بدات بە دۆزەکە؟ ئایا توانیویەتی تەواو بێلایەنانە پرۆسەی دادگاییەکە بەرەوپێشەوە بەرێت؟ ئایا دادگاکە خۆی تاچ رادەیەک بێلایەنی بەرجەستە دەکات؟

ئایا هەتا ئیستا حکومەتی هەرێم چی کردووە بۆ سەرخستنی ئەو پرۆسەی دادگایی کردنەکە؟ ئایا سیاسەتمەدارانی کورد خۆیان وەکو کەسایەتی سیاسی کوردی هەتا ئیستا چیان کردووە؟ ئایا وەزارەتی ئەنفال ئەو رۆڵەی بینیوە کە بۆی هاتە کایەوە؟ ئایا چ رۆڵێکیان بینی لە قۆناغەکانی پرۆسەی دادگایی کردنەکە؟

هەر بۆ ئاشنابوون بە زۆر لایەنی دادگاییەکە و دەنگدانەوەی لە نێو چینە جیاجیاکانی میللەتی کوردا، دەبێت بپرسین ئایا ئەو دادگاییە بەو شێوەیەی ئیستای لە ئاستی برین و ئازارەکانی میللەتی کوردا خۆی دەبینێتەوە؟ ئایا نەدەبوو لە وڵاتێکی بێلایەن و بیانی ئەنجام بدرایە؟ ئەگەر نا، بۆچی بۆ نموونە لە هەڵەبجەی بریندار بەئەنجام نەگەیەنرا؟

لەو بارەیەوە شاخەوان شۆڕش خاوەنی ماستەر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی زانستی ڕامیاری لە زانستگەی کۆپنهاگن لەسەر گەلکوژی ئەنفال و پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی عێراق.

شارەزا لە زانستە رامیارییەکان، بەتایبەتی لە بوارەکانی دیموکراتیزەکردن، فیدرالیزم، مافەکانی مرۆڤ، گەلکوژی و ناکۆکی نێوان نەتەوە و گروپە ئەتنییەکان، هەروەها ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری رێکخراوی چاک لە وڵاتی دانیمارک نیشتەجێیە.

ناوبراو لە میانەی ئەو پرسیارانەی بەرەورووم کردەوە سەبارەت بە تاوانی جینۆساید و ئاستی دادگاییکردنی سەددام حوسێن و حەوت لە داروودەستەکەی گوتی: دادگایەکە دەرهاویشتەی پرۆسەیەکی رامیارییە لەدەرەوەی دەسەڵاتی گەلی کورد، دادگاکە دامەزرا ئێستاش کەس پرسی بەگەلی قوربانی کورد نەکرد، بۆیە دادگاکە ئەوە نییە کە شایانی گەلی کورد بێت. پێویستە بگوترێت، دادگایەک کە شایانی گەلی ژینۆسایدکراوی کورد بێت، دەبوایە: دووربێت لەدەستی دەوڵەتی عێراق و نەتەوەی عەرەب، بە زمانی عەرەبی (زمانی نەتەوەی چەوسێنەر) نەبێت، بێلایەن و نێونەتەوەیی بێت، یاساناسی پرۆفیشنال و خاوەن ئەزموون بیبەن بەڕێوە. پاشان کیمابااران و گەلکوژی ئەنفال هەر بەتەنها سەدام و چەند کەسێک لێی تاوانبار نین، جگە لەوان و ئەفسەرەکانی سوپا و تاوانبارانی تر و جاشە کوردەکان، کۆمەڵێ وڵات و کۆمپانیای عەرەبی و بێگانە بە جۆرێ لە جۆرەکان لێی تاوانبارن. دیارە تەنها دادگایەکی نێونەتەوەیی رەنگە بیتوانیبایە ئەوانە دادگایی بکات یا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات.

دەبوایە گەلی گەلکوژکراوی کورد هەمان نرخی گەلی جوو یا ئەرمەن یا بۆسنی بدرابایە، دادگاکە نەدرێتە دەست ستات و خەڵکی سەر بە نەتەوەی گەلکوژی تاوانبار. بەشداری چەند دادوەرێکی بەناو کوردی عەرەب زمان، هیچ لە کەم نرخکردنەوەی گەلی کورد و کارەساتەکانی ناگۆڕێت. دیارە دادگاکە و شێوەی دامەزراندنەکەی لەلایەن هەندێ لە بەرپرسانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەروەها رێکخراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤ رەخنەی لەسەرەتاوە لێگیراوە، رەخنەکانی ئەوان زیاتر پەیوەندی بە رەوایەتی و سەربەخۆیی دادگاکە، هەروەها کەمتوانایی و بێئەزموونی دادگاکەوە هەبووە. رووداوەکانی ناو دادگا راستی بۆچوونەکانی ئەوان دەسەڵمێنن.

دادگاکەی عێراق دادگایەکی ناسیونالە و هەندێ یاسای نێونەتەوەیی بۆ دانـدراوە، کە دادگاکە لە ئاستیاندا بێتوانا و لاوازە. دادگاکە کەسانی نە عێراقی یا کۆمپانیای بێگانە دادگایی ناکات، ئەوەش کارێکی ناڕەوایە. لەڕاستیدا دادگاکە بۆ ئەوە دانەمەزراوە پەردە لەسەر تەواوی تاوانەکان و راستییەکان هەڵماڵێت. دادگاکە لەژێر کاریگەری بڕیارە رامیارییەکانی دەرەوەی دادگادایە، گومان لەوەدا هەیە کەوا دادگا لە دەست تێوەردانی دەسەڵات سەربەخۆ بێ. ئەوەش بۆ هەر وڵاتێکی جیهانی سێیەم سەیر نییە، چونکە لەو وڵاتانەدا دادگا سەربەخۆ نییە و لەژێر کاریگەری دەسەڵات دایە.

کەسانی ناو دادگا دادوەر، پارێزەران و داواکاری گشتی بەگشتی کەمتوانان، بێ ئەزموونن، لایەنگری هەڵوێستی رامیارین و بێلایەن نین. زمانی عەرەبی زمانی دادگایە، ئەوەش بۆ گەلی قوربانی کورد وەکو پێشتر گوترا ناڕەوایە. زمان کێشەیەکی بەردەوامی ناو دادگایە، سکاڵاکەر و دیتەری کارەساتەکان ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی سەرنج بداتە گێرانەوەکەی لەبەر وەرگێران، ئەو سکاڵاکەرانە زۆربەیان لە زمانی عارەبی ناگەن و نازانن لە ناو هۆڵی دادگا چی دەگوترێت. وەرگێرانەکان گەلێ جار باش نین و ناتوانرێ ئەوەی کەسی قوربانی دەیڵێت وەکو خۆی وەرگێڕدرێت، یا لە وەرگێڕاندا گۆڕان دەکرێت. کێشەی تێگەیشتن لەبەر وەرگێران لە نێوان کەسەکانی ناو دادگا بە زۆر جۆر هەیە. هەروەها گەلی کورد زۆربەی لە زمانی عەرەبی ناگات، بۆیە کێشەی لە تێگەیشتنی رووداوەکانی ناو دادگا هەیە.

دادگا سەیری تاوانەکان بەپێی کات و مێژوو سیستەماتیکیانە ناکات، پۆلینی تاوانەکان بەپێی جۆری نەتەوە و گروپ ناکات، کارەساتەکانی کورد لەگەڵ تاوانکاریەکانی دیکە تێکەڵکراون یا لەتەک یەک داندراون. بەمجۆرە دادگاکە هاوتەریبی پرۆسە ڕامیاریە هەنوکەییەکەی عێراق دەیەوێ پیشانی یەک خاکیی و یەک گەلیی خەڵکی عێراق بدات. دادگاکە نایەوێ سەیری گەلی کورد بەتایبەت بکات و وەکو نەتەوەیەکی جودا و خاک داگیرکراو بەرزی بکاتەوە، ئەگەر هێما بۆ کوردبوونی قوربانیانش کرابێت لە چوارچێوەی عێراقچیەتیەوە بووە.

دادگا سەیری ستاتی عێراق وەکو تاوانبار ناکات، سەیری نەتەوەی چەوسێنەری عەرەب وەکو پشکدار لە تاوان ناکات. دادگاکە هەموو تاوانەکانی خستۆتە ملی چەند سەرکردەیەکی بەعس و تەواو. ئەو سەرکردە بەعسیانە لەباخەڵی خۆیان ئەو سیستەم و کەلتوورەیان دەرنەهێنا، ئەوان پەروەردەی ئەوانەی پێش خۆیان بوون، ئەوان درێژەپێدەری پۆلیتیکی ئەوانەی پێش خۆیان بوون، بەڵام دڕندانەتر. دادگا تەنها سەیری هەندێ لەو تاوانکاریانە دەکات کە لە نێوان 1968 تا 2003 ڕوویان داوە، ئاشکرایە چەوساندنەوە و هەوڵی بەعەرەبکردن و توانەوەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا لەگەڵ دروستبوونی ئەو ستاتە دەست پێدەکات نەک لە 68 ەوە".

ڕێکخراوی چاک ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ناحکومیە، لە ئامانجەکانی دۆزینەوەی چارەنووسی ئەنفالکراو و بێسەروشوێنکراوەکان، هەروەها قەرەبووکردنەوەی گەلی کورد بۆ هەموو تاوانەکانی جینۆسایدی کورد بەسەری هاتووە. هەروەها بەرزکردنەوەی دەنگی کورد بۆ دەرەوەی کوردستان لە دژی ئەو کۆمپانیا و لایەنانەی یاریدەی ڕژێمی سەددامیان داوە و کەرەسە و مادەکانی ئەچێتە دروستکردنی چەکەکانی کیمیایی پێدروستکەن و تاوانەکانی بەکۆمەڵاکوژی کوردی پێ ئەنجام بدەن، شاخەوان شۆڕش لەو بارەیەوە و لەبارەی ئەو هەنگاوانەی ئەو ڕێکخراوە ناویەتی بۆ سەرخستنی دادگاییەکە هەتا ئیستا و لەبارەی ئەو کەناڵانەی سوودیان لێبینراوە بۆ ئەو مەبەستە ئەڵێت: بەرلەهەر شتێک دادگاکە زۆر لایەنی گرنگی پەیوەستدار بە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان بەلاوەناوە، هەروەها هەموو تاوانبارە گرنگەکان ناداتە دادگا. ئەوە بەرامبەر بە تەواوی مرۆڤایەتی نەک تەنها گەلی کورد کارێکی نارەوایە. چاک لەمبارەیەوە ناتوانێ وابکات ئەو دادگایە لا لەو پرسانە بداتەوە، ئەوە لە دەسەڵاتی چاک بەدەرە.

ڕێکخراوی چاک هەوڵی داوە لەگەڵ ئەو ڕاستیەی ئێستا سەبارەت بە بوونی دادگاکە هەیە، بەشێوەی جۆراوجۆر هەوڵی خۆی بدات، تاکو بتوانێ دادگاییەکە بە قازانجی قوربانیان و گەلی کورد بشکێنێتەوە. دیارە مەبەستی سەرەکی هەوڵەکان بۆ ئەوەیە ستاتی ئێراق داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات، قەرەبووی قوربانیان لەلایەنی ئابوری، لایەنە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەکانەوە بکرێتەوە. زۆرگرنگە ئەو قوربانیانە هەموو ئەو مەرجانەیان بۆ برەخسێندرێت کە وادەکات لە کێشە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سایکۆلۆژییەکانیان ڕزگاربن و بتوانن ژیانێکی سەربەرزانەی ئاسایی لە کۆمەڵگەدا دەست پێبکەنەوە. هەروەها یەکێ لەهەوڵە سەرەکیەکانمان ئەوەیە پاکتاو و کوشتاری ئەنفال بە تاوانی گەلکوژی بناسرێت. هەرچەندە ئەوە لەلایەن دادگای هۆڵاندی کە پرۆفیشناڵە و قورسایی زۆر لەو دادگایەی ئێراق زیاترە، دانی پێنراوە. ئەگەر توانرا ئەو ئامانجانە بێنەدی، ئەوە سوودی بۆ تەواوی گەلی کوردستان لە ئاستی خۆیدا دەبێت".

سەبارەت بە هەوڵی چاک و چی پێدەکرێت، نابێ خۆشباوەڕبین، سەرخستنی دادگاییەکە لە توانای ڕێکخراوی چاک بەدەرە. چونکە لەلایەک ڕێکخراوی چاک وەکو گەلێ ڕێکخراوی تر ڕیکخراوێکی سڤیلی سەربەخۆییە، ئەو ڕێکخراوانە تەنها دەتوانن ڕەخنە بگرن، پرسیار بوروژێنن، داواکاری بکەن و هاریکاری لە پرسی گونجاودا بکەن، هەرچەندی داواکاریەکانیان گونجاو و باش بێت، گەرەنتی ئەوە نییە دەسەڵاتی

ئێستای عێراق گرنگی بەداواکاریەکانیان وەکو پێوست بدات. عێراق وەکو گوایە لە قۆناغی دیموکراتیزەکردن دایە، نوقمی ئاژاوە و گێژاو بووە و لە تەنگژەیەکی ڕامیاری گەورە دایە. بۆیە لەلایەکیتر بڕیارەکانی دەرەوەی دادگا و پێشهاتە ڕامیارییەکانی ناو عێراق دەکرێ ببنەهۆی گۆڕینی ئاراستەی پرۆسەی دادگایەکە بەشێوەیەکی دراماتیکی.

هەنگاوی یاسایی چاک کە هاویشتراوە وەکو ئاراستەکردنی نامەی یاسایی بۆ خودی دادگاکە، پێشنیار و ڕەخنە سەبارەت بە دادگاکە و ئاراستەکردنی بۆ لایەنی پەیوەستدار، بەشداری نوێنەری چاک لە هۆڵی دادگا، پەیوەندیکردن بە هەندێ کەسی شارەزای جیهانی بۆ گەواهی دان هتد. لەسەر ئاستی نێونەتەوەییدا، هەوڵەکان تا ئێستا ئەوەبووە هەوڵ بدەین شارەزا، یاساناس و لێکۆڵەرانی ژینۆسایدی جیهانی تێکەڵی دادگاکە بکەین، بۆ ئەوە داوای یارمەتیمان لە دەسەڵاتی کوردی کردووە، نامەمان ئاراستەیان کردووە، بەڵام وەکو گوترا چاک توانای سنورداره، ئەگەر دەسەڵاتی کوردی یارمەتی نەدات، ئەوە بۆ نموونە بردنی پرۆفیسۆرێکی بێگانە بۆ دادگا و مسۆگەرکردنی ئاسایش و خەرجی ئەو کەسە لە توانای ناوەندی چاکدا نییە.

ئێمە توانیومانە بۆ نمونە وابکەین کەیسی بازرگانی کیمیاوی فرانس ڤان ئەنرات بگاتە دادگا. پەیوەندیمان بە خەڵکی شارەزا کردووە و سوودمان لە تێبینی و پێشنیارەکانیان وەرگرتووە. هەوڵمان داوە پێشنیار سەبارەت بە باشتر بە جیهانیکردنی کارەساتەکانی گەلی کورد پێشکەشی دەسەڵاتی کوردی بکەین. دیارە لەمبارەیەوە هەر هەوڵێک لە توانای ناوەندی چاک دابێت، ئەرکی سەرشانیەتی هەوڵی بۆ بدات".

لەبارەی ئەوەی ئایا ڕێکخراوی چاک لە توانایدایە ببێتە هێزێکی فشار بۆ سەر پرۆسەی دادگاییکردنەکە ناوبراو گوتی: ڕێکخراوی چاک، ڕێکخراوێکی سەربەخۆی سڤیلە و لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا کە هێشتا دیموکراسی نییە، لەڕاستیدا هێندە گوێی لێناگیرێت. ناڵیم کاریگەریمان نییە، بەڵام کاریگەری چاک سنووردارە. ناوەندی چاک هێزێکی بەشداری ناو دادگاکە نییە، یا پشکدار نەبووە لە دامەزراندنی دادگاکە تا بتوانێ فشاری پێویست دروست بکات. سەبارەت بە دادگا و پرۆسەی دادگاییەکە ناوەندی چاک پرۆتستۆی هەندێ دیاردەی ناو دادگای کردووە، ڕەخنەی گرتووە، داواکاری هەبووە، تێبینی و پێشنیاری هەبووە، بەڵام چەندە گوێی لێگیراوە ئەوە شتێکی ترە. دەکرێ بگوترێ کاریگەریەکە تاڕادەیەک بووە، بەڵام سنووردار بووە یا زۆری پێچووە تا کاری خۆی کردووە. هەندێ جار بانگی چاک پێویستی بە کات هەیە تا دەنگی خۆی دەگەیەنێ. بۆنموونە بانگی دادگاییکردنی جاشەکان چەند ساڵێکە لەلایەن ناوەندی چاکەوە هەبووە، ئەو داواکارییە چەند ساڵی پێچوو و تەواوێک لە ناو توێژە هوشیار و خوێندەوارەکەی گەل سورایەوە پاشان لە ئاستی گەلدا کاردانەوە وردە وردە ڕوویدا. دیارە هێشتا دادگا و دەسەڵاتی کوردی لەمبارەیەوە نەجوڵاون! بانگی 18 کچە ئەنفالکراوە فرۆشراوەکە نموونەیەکی دیکەیە، دیارە ئەو بانگە گەیشتە دادگاش. ناوەندی چاک لەسەر ئەو ڕێگایەی بەردەوامە، ئەگەر هەر هیچ نەکرێ بۆ هوشیارکردنەوەی قوربانیان و گەلی کورد سوودی خۆی هەیە".

لەبارەی ئەوەی ئایا هەتا ئیستا وەکوو ڕێکخراوی چاک هیچ ئامادەییەکیان هەبووە لە دانیشتنەکانی دادگاییکردنەکەدا شاخەوان شۆرش گوتی: بەپێی زانیاریەکانمان، دوای هەوڵێکی زۆر لەلایەن برادەرانی کوردستان، بەم دواییە توانراوە دووجار ئەندامانی ناوەندی چاک لە دادگادا بەشدار بن. دیارە هەوڵی ئەوە دراوە بەردەوام نوێنەری چاک لەوێ بن. بەشداری ئەندامانی چاک لەناو هۆڵی دادگا وەکو بینەری ڕاستەوخۆ دەبێت، لە ڕێگایەوە دەتواندرێ لە وردەکارییەکانی دادگاکە باشتر ئاگادار بین، ئەوەش سوودی بۆ کار و هەڵوێستمان دەبێت. هەوڵ درا چاک وەکو سکاڵاکار بەشدار بێت، بەڵام ڕێگای نەدرا، گوتیان یاسای دادگاکە ڕێگای ئەوە نادات".

ئینجا سەبارەت بەوەی ئایا ئەو لایەنی لاوازیانە چین لە پرۆسەی دادگاییکردنەکەدا کە بە گرنگی دەزانی بیخاتەروو؟ ئایا کەسیان لەو شتانە ئاگادراکردۆتەوە؟ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی چاک لە وەڵامدا گوتی: لایەنە لاوازەکانی دادگا بەپێی ڕۆیشتنی پرۆسەی دادگاییەکە ناوە ناوە، وەکو ڕەخنە، تێبینی و پێشنیار خراوەتە بەردەست. ئەوانەش هەندێکیان ئاراستەی دادگا یا دەسەڵاتی کوردی لە نامەی کراوەدا یا تایبەتدا کراون. لایەنە لاوازەکان ئەوانەی پەیوەندیان بە لایەنی کوردیەوە هەبووە ئاراستەی ئەوان کراوە بۆ چاککردنیان. بۆنمونە، لە لاوازی وەرگێر و خراپی وەرگێران، لە لاوازی پارێزەرانی کورد، لە ئامادەنەکردنی سکاڵاکاران وەکو پێویست، لە لاوازی دابەشکردنی سکاڵاکاران بەپێی پانایی هێرشەکانی ئەنفال، کەموکوڕی لە هێنانی سکاڵاکەری بەهێز وەکو کەسی یەکەمی ناو ڕووداو و خاوەن قوربانی، بەتایبەتی سکاڵاکەری سڤیل و بێبەرگری لەسەردەمی کارەساتەکەدا. هەروەها ڕەخنە لەلاوازی داواکاری گشتی و ڕاپۆرتی داواکارییەکەی گیراوە، ئەوەش دەسەڵاتی کوردی لێ ئاگادار کراوەتەوە. ڕەخنە لەلایەنگیری دادوەری لادراو عەبدوڵا عامری بەتوندی گیراو وەکو یەکەم ڕێکخراو دەستوبرد داوای لابردنمان کرد. وەکو دیارە دەسەڵاتی کوردی لە ئاستی دادگاکە و پرۆسەی دادگاییەکە پاسیڤە، هۆکەی چییە، ئەوە خۆیان باشتر دەیزانن".

پاشان شاخەوان شۆڕش وەکوو شارەزایەک لە بوارەکانی دیموکراتیزەکردن، فیدرالیزم، مافەکانی مرۆڤ، گەلکوژی، ناکۆکی نێوان نەتەوە و گروپە ئەتنیەکان هەروەها بەو پێیەی ماستەرەکەی لەسەر گەلکوژی ئەنفال و پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی عێراق بوو و بەدواداچوونێکی باشی هەیە لەو بوارەدا لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها لەناو نێوەندی سیاسی کوردیدا لەبارەی کار و چالاکیەکانی حیزبەکان لەلایەک و دەسەڵاتی حکومی کوردی بەدرێژایی پرۆسەی دادگایی کردنەکە رای وایە کەوا هەرچەندە ئەو زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری چالاکی پارتە رامیارییەکانی کوردستان (پارتە بچووکەکان) لە بارەی پرۆسەی دادگاییەکە لەنزیکەوە نیە چونکە ئەو بە گشتی کەم سەیری ڕۆژنامەی پارتە رامیارییەکان دەکات، بەڵام رای بەم شێوەیە دەخاتە روو: بەگوێرەی راگەیاندنە سەربەخۆکان ئەوان شوێنێکی ئەوتۆ لەوبارەیەوە پڕناکەنەوە. دەسەڵاتی کوردی، کە بە شێوەیەکی سەرەکی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتین، بە ئەرکی نیشتمانی خۆی هەڵنەستاوە، لە ئاستی گەورەیی پرسی ژینۆسایدی ئەنفال دا نییە، گومان لەوەدا هەیە ئەوان لەسەرەتادا تێگەیشتنی گونجاویان سەبارەت بە تەواوی پرۆسەی دادگاییەکە هەبووبێت، ڕەنگە بۆیەش زۆر کار و هانگاو بەسەریاندا رەت بوو. وەکو دەسەڵاتێکی ناسیونالی خاوەن بەرپرسیاریی سەبارەت بە کارەساتەکانی کە بەسەر کورد هاتوون، بە ئەرکی خۆیان هەڵناستن. جگەلەوەی پەنای تاوانباران دەدەن و پاکانەیان بۆ دەکەن، ڕەنگە ئەو دیاردەیە لەناو هیچ گەلێکی دیکەدا نموونەی نەبێت. من ئەو دادگایە بە ناڕەوا دەزانم، چونکە ئێراقیە و عەرەب بەسەریدا زاڵن (کە هەردولا بەرامبەر بە کورد تاوانبارن)، ئەوە واز لە کەموکوڕیەکانی دیکە هەر بێنە. بوونی دادگای عێراق و عەرەبی نەنگییە. ئێمە چیمان لە گەلانی تری گەلکوژکراو کەمتربوو، بۆ وەکو ئەوان سەیرمان نەکرا؟ بوونی چەند دادوەری کوردی عەرەبزمان و عێراقی، یا واژووی سەرکردایەتی عێراقچی کورد بۆ دادگاکە لەو ڕاستیە ناگۆڕێ، کە گەلی کورد وەکو ناسیۆنێکی جودا و خاک داگیرکراو لەو دادگایەدا سەیری ناکرێت.

دیارە دادگاکە لەلایەن دەسەڵاتی کوردی پەسندکراوە، مام جەلال خۆی ئیمزای پەیڕەو و یاسای دادگاکەی کردووە. لەگەڵ ئەوەی بەشداریان هەبووە، مۆرکی کورد بە یاسای دادگاکەوە دیار نییە، بەڵام ئەوەی عەرەبەکان ویستوویانە هێناویانەتە ناو یاساکە. دادگاکە لەلایەن ئەمەریکاوە دامەزراوە، بەڵام مۆرکی دیاری عەرەبەکانی پێوە دیارە. دادگاکە یاساکانی ستاتی ئێراق پەیڕەو دەکات، ئەو یاسایانەش هی کورد نین و بەپرسی کوردیش لە هیچ سەردەمێکی پێش 2003دا دانەڕشتراون. دەسەڵاتی کوردی ئەو دادگا عێراقی و عەرەبزاڵەی پەسند کرد، بەڵام بۆ کەسی ڕوون نەکردەوە بۆچی؟ ڕوونی نەکردەوە بۆ دادگایەکی عێراقی و دادوەری عەرەب باشترن لە دادگایەکی نێونەتەوەیی و دادوەری جیهانی؟ ڕوونی نەکردەوە بۆچی گەلی کورد

وەکو گەلێکی قوربانیی تاوانی گەلکوژی، ئەو نرخەی گەلی جوو یا بۆسنی نییە؟ ڕوونی نەکردەوە ئەوان دەیانەوێ چی بە جیهان بڵێن، کە ئامادەن دەست لەناودەستی نەتەوەی گەلکوژ بنێن و کەیسی کارەساتەکانیشیان بخەنە ژێردەستی ئەوان؟ گەلی جوو ئامادە نەبوون ئەوە بکەن، گەلی بۆسنی هەروەها، گەلی ئەرمەن دژی کارێکی ئەوهان، بەڵام دەسەڵاتی کوردی، پرسی بە گەلی کورد نەکرد و ئەو کارەی کرد، هیچ شەرمیشی پێ نەبوو! ئەوە تراژیدیایەکە بۆ خۆی، بەڵام بالەوە گەڕێین. دەسەڵاتی کوردی نەیتوانی بەعەرەبکردن بکاتە تاوان و لە یاساکەدا بیسەپێنێت و سزای بۆ دابنێت. دەسەڵاتی کوردی نەیتوانی وابکات، دۆسییەی کارەساتەکانی کورد تێکەڵی ئەوانەی دی کە بەسەر خەڵکی شیعە یا هی دیکە هاتوون، نەکرێن و بەجیا سیستەماتیکیانە سەیریان بکریت. نەیتوانی کۆمەڵە سکاڵاکەرێکی بەهێز بە پانتایی شاڵاوی هێرشەکانی ئەنفال لە هەموو ناوچە بەرکەوتووەکاندا ئامادە بکات. نەیتوانی کۆڕس بۆ سکاڵاکەران بکاتەوە، لە مافەکانیان بگەیەنێت، لە پرۆسەی دادگاییەکەیان بگەیەنێت، لە ئەرکی یاساییانەیان بگەیەنێت و لە بوارە پێویستەکاندا ئامادەیان بکات. دەسەڵاتی کوردی پەنای جاشەکان دەدات و وادیارە لەگەڵ دادگا و دەسەڵاتی بەغدا لەمبارەیەوە ڕێک کەوتوون، بۆیە کە ناوی جاش دێت دەنگ دەپچڕێت، یا سکاڵاکەر خۆی لە ناوهێنانیان دەپارێزێت. دەسەڵاتی کوردی نەیتوانیووە وەرگێری گونجاو ئامادە بکات. نەیتوانیووە ڕووداوەکانی ناو دادگا بۆ هاووڵاتیانی کورد لە ناوەوە و دەرەوە هەمووی بکاتە کوردی، هەروەها نەیتوانیوە کەناڵێکی ئاسمانی بە زمانی ئینگلیزی و زمانە گەورەکانی جیهان بۆ دادگاییەکە تەرخان بکات و بۆ دەرەوە پەخشی بکات، تەنانەت دەیتوانی گرێبەست لەگەڵ یەکێ لە کەناڵە ئاسمانیە ناسراوەکان بکات و دادگاییەکە لەو ڕێگایەوە بە جیهانی بکات. دەبوایە هەوڵ بدرێت، یاساناس و شارەزایانی جیهانی لە بواری ژینۆسایددا، هەروەها ئەوانەی بەتایبەتی کاریان لەسەر کارەساتەکانی کورد کردووە و تێکەڵی پرۆسەی دادگایی بوون، بەر لە دەستپێکردنی دادگاییەکە ئامادە بکرێن و بەشداریان پێ بکرێت، بەڵام دەسەڵاتی کوردی هیچی لەم بارەیەوە نەکرد. دەسەڵاتی کوردی بانگاشەی وەکویەکی زمانی کوردی و عەرەبی دەکات، کەچی زمانی دادگا کرایە عەرەبی و ئەوان هەڵوێستیان لەوەش هەر نەبوو. دەسەڵاتی کوردی تا ئێستا تەنانەت پەیڕەو و یاسای دادگاکەی بۆ خەڵکی کوردستان نەکردۆتە کوردی. من لەو پرۆسەیەدا گەلی کورد بەگشتی و قوربانیان بەتایبەتی زۆر بە بێکەس دەبینم".

لە کۆتاییدا لەبارەی ئاستی سکاڵاکەران گوتی: سکاڵاکەران، وەکو لە پرسیاری پێشتر کەمێ ئاماژەم بۆیان کرد، بەداخەوە ئامادە نەکراون، ئەوانە پێویستیان بە ئامادەکردن هەبوو، بەتایبەتی لەلایەنە یاساییەکان، دەبوایە زانیاریان لەسەر تاوانەکە و لایەنی دیکەی گشتی پێ بدەن. بۆنموونە یەکێکیان وایدەزانی ئازاردان (تەعزیب) تەنها دارکاری و لێدانە، بۆیە گوتی من تەعزیب نەدراوم! دەبوایە ئەوانە لەو بوارە و زۆر لایەنی تر زانیاریان پێ بدرێت و لەو چەمکانەیان بگەیەنن. گومان لەوەدا نییە لەناو سکاڵاکەراندا، خەڵکی زۆر باشیش بەشداریان کردووە، بەتایبەتی پیرەژن و پیرەمێردی سڤیلی خاوەن کۆمەڵێ قوربانی. گێرانەوەی ئەوانە زۆر سادەیە بەڵام زۆر گرنگ و کاریگەرن. چەند سکاڵاکەرێکی ڕزگاربووی گوللەبارانکردنەکان هەن تا ئێستا تەنها دوانیان بەشدار بووینە، هیوادارم ئەوانەی دیکەش بێنە دادگا. ئەوانە بێگومان بەهێزترین سکالاکەری کارەساتی گەلکوژی ئەنفالن".